## قیام افسران خراسان و حماسه خارک

ئەوە کتێبی دووهەمە، کە یەک لەو ئەفسەرە ئێرانیانە نووسیویەتی وا لە خوراسان راپەڕین و دوای تێک شکانیان هەڵاتن بۆ ناو کۆماری ئازەربایجان و ئینجا گەیشتنە ناو کۆماری کوردستان (بڕوانە زنجیرەی پێشوو).

نووسەری کتێبەکە - علی اصغر احسانی، لە بەشێکی کتێبەکەدا واتە لاپەڕەی ١٧٦ تا ٢٤٣ باسی ژیانی خۆی و پێنج ئەفسەری دیکەی ئێرانی لەناو کوردان و بەتایبەت بارزانییەکان دەکات و بەو پەڕی رێزەوە دەڕوانێتە کورد. لە لاپەڕە ١٨٢ تا ١٨٥ دا نووسەر لە بۆکان دەدوێت واتە ئەوکاتەی لە سەراوە دەگەنە بۆکان و لەوێ بۆکانییەکان پێیان رادەگەیێنن کە پیشەوەری و غوڵام یەحیا و ئەوانیتر هەڵاتوون. لە بۆکان وادیارە ئاپۆرە یا خود دارودەستەی ئاغاکان دەوریان داون و ویستوویانە چەکەکانیان لێ بستێنن. هەروەها دەڵێ پادگانی بۆکان تاڵان کرابوو و ئەفسەرەکانیان دابوە دەست حکومەتی ئێران – کە ئەوەش وێ ناچێت خەڵک کردبێتیان و زیاتر پیلانی ئاغاواتی شار و ناوچەکەیە. دەڵێ ئەو ئەفسەرانە هەمووی لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لە مەهاباد ئیعدام کران. هەروەها دەڵێ طابور واتە هەنگی بۆکان ١١٥٠ سەربازی لێ بوو، کە هەمووی توانەوە و هەڵاتن و تەنیا ١٩ یان مابوونەوە. ئینجا بە رێگەی بورهاندا دەچن بۆ مەهاباد و چاویان بە پێشەوا دەکەوێت و ... .

علی اسغر احسانی، قیام افسران خراسان و حماسه خارک، نشر علم، تهران ١٣٧٨[١٩٩٩]، ٥٠٥ لاپەڕە + ٤٠ (فارسی)

ISBN: ٩٦٤ – ٤٠٥ – ٠٣٧ - ١